Research Center

# قۆناخی دوای چله و گرژییە نێوخۆییەکانی شیعە!

18-09-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** چاوی زۆرکەس لەوەیە بزانێ کە رۆژانی دوای "چلە" چی لە سیاسەتی عێراق و ململانێی نێوخۆیی شیعە دەگۆڕن. هەرچۆنێك بێت، جا چی لایەنەکان سازانێکی کاتی بکەن، پەرلەمان کۆبێتەوە و حکومەت پێکەوە بنرێت یان وەك رۆژانی دوای عاشوورا، بەرەو گەڕێکی دیکەی گرژی و ململانێی توندوتیژ بڕۆن، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە لەوانەیە ململانێ و رکابەری نێوخۆیی شیعە تا چەند ساڵێکی دیکەش وەك فاکتەرێکی گرنگ لە سیاسەتی ئەم ناوچەیە بمێنێتەوە.

## بەرایی

چاوی زۆرکەس لەوەیە بزانن کە رۆژانی دوای "چلە" چی لە سیاسەتی عێراق و ململانێی نێوخۆیی شیعە دەگۆڕن. هەرچۆنێك بێت، جا چی لایەنەکان سازانێکی کاتی بکەن، پەرلەمان کۆببێتەوە و حکومەت پێکەوە بنرێت یان وەك رۆژانی دوای عاشوورا، بەرەو گەڕێکی دیکەی گرژی و ململانێی توندوتیژ برۆن، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە لەوانەیە ململانێ و رکابەری نێوخۆیی شیعە تا چەند ساڵێکی دیکەش وەك فاکتەرێکی گرنگ لە سیاسەتی ئەم ناوچەیە بمێنێتەوە.

## لە عاشووراوە تا چلە چی گۆڕا؟

ئەوە روونە کە دوای هەڵوێستی بارزانی ـ حەلبوسی لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە و پێکهێنانی حکومەت، ئێستا چانسی چوارچێوەی هاوئاهەنگی بۆ کۆکردنەوەی پەرلەمان و تەنانەت پێکهێنانی حکومەت زیاترە لە جاران. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئەگەر گوێ بە داواکاری و بەرژەوەندییەکانی سەدر نەدەن ئەو حکومەتە چەندە سەقامگیر دەبێت؟ هەڵبەت ئەوەش راستییە کە تەنانەت ئەگەرسازانێکیش بکرێت ئەمە واتای کۆتاییهاتنی ململانێ نێوخۆییەکانی شیعە لە عێراق نادات کە رکابەرییەکی توندی دەسەڵاتداریی و سیاسی و دینی لە هەناویدایە. نەوەی دووەمی سەرکردەکانی شیعە لە رکابەرییەکی توندان بۆ بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و ئایینی خۆیان و ئایندەی ناڕوونی مەرجەعییەتی ئایینی لە دوای سیستانی و خامنەیی، دەتوانێت ئەو ململانێیە بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

سەبارەت بە دۆخی ئێستا هەوڵێکی هادی عامری هەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە لە دەرگای حەنانە بداتەوە بۆ رێککەوتن و سازان. هەرچەند هێشتا دیارنییە کە ئەمە سەردەگرێت یان نا، بەڵام دیدارەکە گرنگ دەبێت ئەگەر بکرێت، بەتایبەت دوای ئەوەی کە موقتەدا سەدر رایگەیاندبوو کە ئیدی بە هیچ کلۆجێ دانوستاندن ناکات و بگرە، تەرکی سیاسەتیش دەکات.

بەمەی دواییەوە، ئەمە لانیکەم پێنجەمین جارە کە سەدر وازی لە سیاسەت هێنابێت و دووبارە گەڕابێتەوە، بەلام پێدەچێت ئەمەی دوایی هەنگاوێکی زیرەکانە بووبێت تا ئەکتەرەکانی دیکەی سیاسەتی شیعی موحتاجی خۆی بکات. رووداوەکانی کۆتایی مانگی 8ی ئەمساڵ، ئەوەیان دەرخست کە سەدر دوایین چانسی ئیتار، ئێران و دواجاریش مەرجەعییەتە بۆ ئەوەی دۆخی عێراق لە کۆنترۆڵ دەرنەچێت. ئەو توانی بە کەمتر لە 10 خولەك و بە بانگەوازێك عێراق لە لێواری شەڕ بگەڕێنێتەوە. بەڵام ئەی ئەگەر موقتەدا سەدر نەبوایە چی روویدەدا؟ ئەی ئەگەر شەقامی ناڕازی لەلایەن لایەنگرەکانی ئەوەوە کۆنترۆڵ نەکرێت چی دەبێت؟ بێشك شەپۆلێکی دیکەی نارەزایی جەماوەری هاوشێوەی تشرینییەکان شتێکی چاوەڕاونکراوە کە بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت. هەڵبەت لەوانەیە ئەزموونی رووداوەکانی دوای بەهاری عەرەبی لە 2011وە، ئەوەمان بۆ دەربخەن کە لێرە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تەنیا خۆپیشاندان و نارەزایی جەماوەری بەس نییە بۆ ئەوەی سیستەمی سیاسی وڵاتێك بگۆڕدرێت، وەك ئەوەی لە سووریا و چەندین وڵاتی دیکەش روویاندا، بەڵام تشرینێکی دووەم لە عێراق، تەنانەت ئەگەر دواجار سەرکوتیش بکرێت، "مەترسییەکەی" لە "مەترسی" سەدر بۆ کاربەدەستانی سیاسەتی شیعە زیاترە!

## هەڵبەت ئەمە تەنیا دیوێکی دراوەکەیە و دیوەکەیتریش ئەمەیە:

1. گەڕانەوەیەکی رۆڵی مەرجەعییەتی باڵای نەجەف لە ململانێ نێوخۆییەکانی شیعەدا بەدیدەکرێت. ئەمە بە دیاریکراوی لەدوای رۆڵی مەرجەعییەت لە راگرتنی پێکدادانەکانی کۆتایی مانگی 8 بەدەرکەوت. لەو رۆژانەی رابردووشدا، سەید سەدرەدین قوبانچی، خەتیبی نوێژی جومعەی نەجەف گوتویەتی کە پێویستە چاکسازی لەڕێگەی پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز، بێگەرد و بەتواناوە بکرێت، نەوەك کشانەوە لە گۆڕەپانی سیاسی.[1] ئەمەش وەك پەیامێکی ئایەتوڵڵا سیستانی بۆ سەدر تەماشا دەکرێت. چاوەڕوان دەکرێت لە پاش ئەوەی کە موقتەدا سەدر بەهۆی کشانەوە لە ناکاوەکەی سەید کازم حائیری لە مەرجەعییەت و رەخنەکانی لە سەدر، جەختی لە پیرۆزیی مەرجەعییەتی نەجەف کردەوە، ئەمە فاکتەرێکی کاریگەربێت لەسەر هەڵوێستەکانی داهاتووی ئەو.
2. هاوپەیمانی سێقۆڵی کە دوای هەڵبژاردن دروستکرابوو، ئێستا بە کردەوە جیاوازتر لە یەك دەجوڵێنەوە. وەك کشانەوەکەی سەدر لە پەرلەمان بەبێ هاوپەیمانەکانی، هەروەها خواستەکەی بۆ مانەوەی د. بەرهەم ساڵح و مستەفا کازمی لە رۆژانی رابردوو، ئەویش لە کاتێکدا کە پارتی رایەکی جیاوازتری هەیە و، لە تەنیشت ئەوانەشدا، گوشار و دانوستاندنەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی لەگەڵ خواستێکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بۆ پێکهاتنی حکومەت، وایانکردووە کە هاوپەیمانەکانی سەدر جیاوازتر لە جاران بجوڵێنەوە. وەك نمونەی ئەو بەیاننامەیەی رۆژی 11ی ئەیلول کە تێیدا بارزانی - حەلبوسی، "جەختیان لە گرنگیی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پێشوەختە کردەوە ئەویش لەدوای ئامادەسازییە یاساییەکان و بەپێی میکانیزمە دەستوورییەکان،

دوای پێکهێنانی حکوومەتێك کە خاوەن سەڵاحیاتی تەواو بێت و متمانەی هەموو لایەك لەسەر بەرنامەکانی بێت."[2] ئەمەش لە کاتێکدایە کە سەدر هێشتا سوورە لەسەر ئەوەی پەرلەمان هەڵبوەشێتەوەو بەم حکومەتەی ئێستاوە بەرەو هەڵبژاردن بچن. ئەم گۆڕانەش یەکێك لەو فاکتەرانە دەبێت کە دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەڵوێستەکانی داهاتووی سەدر دابنێت.

3. خاڵێکی دیکەی گرنگ ئەوەیە کە ئەزمونی رووداوەکانی مانگی ئاب و پێکدادانەکان دەریانخست کە بژاردەیەکی زۆر جیاواز نەماوە، یان دەبێ بەرەو گرژی زیاتر بڕۆن یان دەبێ جۆرە سازانێك بکەن، تەنانەت ئەگەر سازانی راستەوخۆش نەبێت. ئەستەمە لەم دۆخەی ئێستاشدا سەدر کارێك بکات کە وەك هۆکاری دەرکەوتنی شەڕی نێوخۆیی شیعی دەرکەوێت.

## کۆتایی

ئەگەر وای دابنێین کە ئەکتەرە سیاسییەکان بەشێوەیەکی ریالیستانە دەجوڵێنەوە، ئەوا ئەستەم نییە بۆ دوای چلە، پێشبینی هێوربوونەوەیەکی زیاتری دۆخی عیراق بکەین بەڵام، هەندێکجارئەکتەرەکان ریالیستانە رەفتار ناکەن، بۆیە هەقە سیناریۆی پێچەوانەش لە شوێنێکی دیکەدا یادداشت بکەین.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ئەوەی لە نێوان رەوتی سەدرو چوارچێوی هاوئاهەنگی روودەدات تەنیا سنووردار نییە بە عێراق و گوزارشتە لە دۆخی گشتی سیاسەتی شیعی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست. پاشەکشەی دەسەڵاتی حزبوڵڵا لەلوبنان، کێشە نێوخۆییەکانی سیستەمی سیاسی لە ئێران کە لە 2009دا گەیشتنە لوتکە و سەرەڕای کپکردنەوەی هێشتا بە لەونی دیکە درێژەیان هەیە، لەگەڵ ئەوەی لە بەغدا روودەدات، نیشانەی هەبوونی قەیرانە لە ئەزموونێکی دەسەڵاتداریی کە تێیدا شیعەکان رۆڵیکی کارایان هەیە. ئەمە درێژەی ئەو شەپۆلی قەیرانەیە کە لە 2011وە تووشی سیستەمە سیاسییەکانی دیکەی ئەم ناوچەیەش بووە. بێجگە لەوە، ئایندەی مەرجەعییەتی دینی لە ئێران و لە عێراق فاکتەرێکی دیکەی گرنگە کە دەتوانێت لانیکەم لە قۆناخی پاش مەرجەعییەتەکانی ئێستا، گرژییە نێوخۆییەکانی شیعە بۆ ماوەیێکی دیکەش بە زیندوویی بهێڵێتەوە.

---

https://www.rudaw.net/sorani/middleeast/iraq/160920225- [1]

https://www.facebook.com/BarzaniHQ - [2]